## هەندێک لە سیفاتە باشەکانی فراوان بوونی شار بە شێوەی ستوونی ...  ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



باشترین پلان بۆ فراوان بوونی شار لە رووی هێلکاری شارستانیەوە (التخگیگ الحچری) شێوەی ستوونیە چونکە ئەگەر شار تەنها بە شێوەی ئاسۆیی فراوان ببێت ئەوا تێچوونێکی ئێجگار زۆری دەوێت بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی وەکوو شەقام و هێلی کارەباو تەلەفۆن وئاوی خواردنەوەو بۆریەکانی ئاوەرۆی پیس و هیچ توانایەک نیە بتوانێ تا سەر هەموو خزمەتگوزاریەکان بە دروستی بگەیەنیتە هەموو شوێنێکی و زۆر زەحمەتە هەموو لایەکانی شار بە یەکسانی خزمەتگوزاریان بەرکەوێت ئەوە سەرەڕای کەمبوونەوەی هەمیشەیی لە ناوچە سەوزەکان و زەوی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی بەردەوام و زۆر شتی تریش. ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بمانەوێت چارەسەریەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی نیشتەجێبوون و کێشەی نا جۆری تێکهەڵکێشان لە بەکارهێنانەکان بدۆزینەوە هیچ رێگایەکی ترمان لە پێش نیە تەنها کشان و فراوانبوونە بە شیوەی ستوونی هەوەکوو ئێستا کە چەند پرۆژەیەکی لەم چەشنە لە ئارادان بۆ جیبەجێکردن.

بەلاَم دەبێت رەچاو ی سیستەمی نوێ بکرێت چ لە رووی پلان و چ لە رووی جۆری و شێوەی دروستکردنەوە، مەبەستمان لە پلان ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ پێوانەی بنەماکانی هێلکاری شارستانی نوێ هاورێک بێت.... چۆن؟ هەر وڵاتێک پێوانەیەکی تایبەتی بۆ خۆی داناوە و، لە رووی تیۆریەوە هی هەموویان پێک دەچن بەڵام لە رووی پراکتیکەوە جیاوازیەکەیان یەکجار زۆرە وەکوو دەبینین لە نێوان شارەکانی ئەورویی و شارەکانی خۆمان کەلێرە جێگەی باسکردنی هۆکارەکانمان مەباست نیە. ئەو پێوانانەش پەیوەندی نێوان بەکارهێنان و دامەزراوەکان ریک دەخات بۆ نموونە ئەوەندە منداڵە پێویستیان بە ئەوەندە یاریگایە دەبێت ئەوەندە نەخۆشە پێویستیان بە ئەوەندە نەخۆشخانە دەبیت هەوەها بۆ قوتابخانەو پارک و پۆستە وناوچەسەوزەکان و بازار و.... هتد. مەبەستیشمان

لە جۆرو شێوەی دروستکردنیش ئەوەیە کە دەبێت ئەو خانوانە بەشێوەیەکی شارستانی وا دروست بکرێن کە ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری و دوور لە کێشە بۆ جێنشینەکان مسۆگەر بکات جا چ لە رووی شێوازەوە بێت و چ لە رووی دابینکردنی هۆکارەکانی خۆشگوزەرانیەوە بێت. ئەگەر ئەو خانوانەی دروستیان دەکەین لە رووی شێوازەوە ریک بن بەڵام لە رووی خۆشگوزەرانیەوە ناتەواو بن ئەوا دەبنە هۆی تێکچوونی هەموو خەسلەتە باشەکانی تریان بۆیە دەبێ هەر بیینایەکی ستوونی بە هۆی (عازل حراری و یوتی) واتە نەگەیەنەرەکانی گەرمی و دەنگی رووپۆش بکرێت و حیساب بۆ مەسەلەی گەرمی و ساردی بە شێوەی مەرکەزی بکرێت هەروەها بۆ هۆکارەکانی بە سەرکەوتن (ئاسانسۆر) و ئەمان دژی سووتان و فرێدانی زبڵ کە دەبێت ئەویش بە شێوەیەکی مەرکەزی بێت ئەگەر نا ئەوا ئەوەندە ناباتسەدان کێشەی بۆ دروست دەبێت و کەس ناتوانێ تیایاندا بژێت.

دەتوانین بە نموونەیەک خەسلەتی باشی بیینای ستوونی روون بکەینەوە لە رووی هێلکاری و ئابووریەوە بە بەراورد لەگەل جۆری ئاسۆیی بۆ نموونە دوو کۆلانی بچووکی هەر گەرەکێک لە شار وەربگرین کە کۆی هەموویان 32 خانووی نیشتەجیبوون بێت و ئەگەر رووبەری هەر خانوویەک تەنها 200 مەتری دووجا بێت و کۆلانەکە 10 مەتر پانی بێت ئەوا رووبەری گشتی کە ئەو 2 کۆلانە

داگیری کردوە دەبێتە 8000 مەتری چوارگۆشە!! بەلام لە باری ستوونی دەکریت 2 بیینای 4 قاتی و لەسەر رووبەری تەنها 500 مەتری دووجا بۆ هەر یەکێکیان واتە 1000 مەتر بۆ هەردووکیان دروست بکرێن هەر قاتەی 4 خانوو هەر خانوەی 3 یان 4 ژوور وگەرماو و مەتبەخی لێ دروستبکرێت. جا لەبەر ئەوەی ئەو 2 بیینایە بە نەگەیانەری گەرمی رووپۆش دەکرێن ئەوا زۆر کەمتر ووزەمان پێویست دەبێت بۆ گەرمی و ساردی.. لە ژێر زەمینی بیناکان هەم ترانسفۆرمەری کارەبا دادەنرێت و هەم تانکی گەوری نەوت یان گاز بۆ (تدفئە) کە سالی 1 جار پڕ دەکرێن لە رێگەی ئەو بۆڕیەی کە هاتۆتە دەرەوە بۆ ئە مەبەستە. کەواتە ئەو مالانە پێویستیان بە سۆپاو بەرمیلی نەوت و.... .... هتد نابیت و بیناو دەوروبەر لە پیسبوون دەپارێزرێن. هەوەها 1 بۆڕی ئاوی سەرەکی، 1 هێلی کارەبای سەرەکی، 1 هێلی سەرەکی تەلەفۆن، 1 بۆڕی سەرەکی ئاوەرو و1 کونی سەندووقی ستوونیمان پیویستە بۆ فرێدان و کۆبوونەوەی زبڵ لە ژێرەوە!! ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە 7000 مەتری دووجا لە زەوی دهمێنێتەوەت کە دەکرێتە بۆ ناوچەی سەوز و یاریگا بۆ بچووک و گەوران بەکاربهێنرێت هەروەها بۆ پارکی وەستاندنی سەیارەو شتی تریش بە شێوەیەکی مۆدێرن. کەواتە ئەگەر ئێمە ئەو سیستەمە جێبەجێ بکەین دەکرێت نیوەی شارەکانمان ببن بە سەوزایی و شەقامە سەرەکیەکان فراوانتر بکرێن وهێلەکانی کارەباو تەلەفۆنیش لە شار بخرێنە ژێر زەویەوە و ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵکیش بەرزبێتەوە. بەلام ئەگەر ئەو سیستەمە بە نیوە چلی جێبەجێ بکرێت وەک ئەوەی مەسەلەی (تدفئە ی مرکزی) و نەگەیەنەری گەرمی و دەنگی وەلاوە بنرێت و بییر لە جۆری ئەو سووتەمەنیە نەکرێتەوە کە بۆ چێشت لێنان پێویست دەبێت کارەبایی بێت یان گازی پرۆپان بە شیوەی مەرکەزی، ئەوا ئێمە کارەسات بەسەر ئەو خەڵکە جێنشینە دروست دەکەین و وەکو پێشتر ووتم کەس ناتوانی تیایاندا گوزەران بکات. شوقەکانیش هەرشێوەکیان هەبێت ئەوا لە شوقەکانی گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر باشتر نابن کە کەمترین خزمەتگوزاریان تێدا نیە. زۆربەی زۆری مادده نوێیەکانی بیناسازی ئێستا لەلای ئێمە نامۆن کارمەندانی بیناسازی بە ئەندازیارانیشەوە شارەزایی و ئاشنایەتیان لەگەڵیاندا نیە نموونەش وەکوو چەندان جار لەو نووسینە ناوم هێنا نەگەیەنەرەکانی گەرمین. لە ئەوروپا و لە ئەڵمانیا بەتایبەتی مەرجێکی سەرەکیە لە دروستکردنی هەر بینایەیەک چونکە دەبێتە هۆی بەفیرۆنەچوونی ووزەیەکی زۆر لەسەر ئاستی وولات. وەزارەتی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان پێویستە دەوری هەبێت لە سەپاندنی مەرجی نوێ بۆ دروستکردنی بیینای مۆدێرن و ئاشناکردنی خەڵک بە مادده و مەکینە نوێەکانی بیناسازی و چۆنیەتی کارپێکردنیان. باشترین کاریش بۆ ئەمە پەیوەنیکردنە بە کۆمپانیاکانی ئەورووپی تا پرۆژەکان لە کوردستان جێبەجێ بکەن نەک کۆمپانیای تورکی و ئێرانی و بەس!!!